www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:22 3-10-2006

**بۆ وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان... یەک هەفتە بێدەنگبە، کۆتایی بەهەموو شتێک دێت ... مەریوان نەقشبەندی**

سەرەرای ئەوەی نزیکەی (10) ساڵە بە (سوودفە) لە هەولێر نیشتەجێم و بەبی دابڕانیش لەبواری ڕاگەیاندن ئیش دەکەم کەچی هەتا ئەو ڕۆژەی بووە ئەندام پەرلەمان من چنار سەعد عەبدوڵام لەتەلەفزیونیشدا نەبینیبوو، من نازانم ئەم خاتونە تەمەنی یاسایی تەواوکردوە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستانەی کە پێی دراوە یان نا؟ بەڵام وەك منداڵی زۆربەی بەرپرسانی ئەمڕۆی کوردستان خاتو چناریش ناوی کەوتە ناوناوان و لەماوەیەکی کورتدا بووە ئەندام پەرلەمان و دواتریش وەزیر، جا بەحسابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان خاتو چنار کۆمەڵێك ئیمتیازاتی هەیە و باشترین کەسە بۆ ئەوەی پۆستی وەزارەتێکی هەستیاری وەك وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکانی پی بسپێرێت، چونکە لەلایەك ئافرەتە و کچی شەهیدە و شەهیدێکی سەرکردەشە، چونکە هەمیشە لای ئێمە شەهیدبوونی مەسئوولەکان لەشەهیدبوونی کورەفەقیر و هەژارەکان گەورەترە و هەرکاتێك بەرپرسێك یان سەرکردەیەك شەهیدبوو، ئەوا منداڵ و خزم و ئەقرەباکەی نابی لەپۆستێکی ئاساییدابن، لەوڵاتی ئێمەش کەس شك نابەیت بلّی کاکە من شارەزاییم نییە و ئەو مەسئوولیەتەم پێبەڕێوەناچێت، ئێستا من دڵنیام داوا لەخاتو چنار بکرێت پۆستی سەرەك وەزیران وەربگرێ ناڵی من ناتوانم یان پێم ناکرێت، لەسەر ئەم ڕێچکەیە خاتو چنار پۆستەکانی وەرگرت و پێشتریش (ماجستێر) ێکی موحتەرەمی وەرگرت.

ئیتر ئەو بووە کەسێکی تەکنۆکرات و حازر و ئامادەبوو بۆ ئەوەی لەکابینە (تەکنۆکرات) ەکەی کاك نیچیروان بارزانیدا ببێتە وەزیر،

لەو ڕۆژەوەش بووە تە وەزیر ڕۆژێك یان هەفتەیەك تێپەڕ نەبووە ئەگەر دیمانەیەکی ئەم خاتوونەم بە وێنەیەکی گەورەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن یان لاپەرەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاونەکرابێتەوە، دوای ووروژاندنی ئەم مەسەلەی بەسودفە ناساندنەی شەهیدانی هەڵەبجە خاتوو چنار زیاتر شەهییەی بۆ دیدار و قسەکردنی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان کرایەوە کە ئەمە لەبەرژەوەندی ئەودا نییە و قوڕەکەی زیاتر بۆ خەست دەکاتەوە، ڕەنگە ئەگەر بەقەدەر نیوەی لێدوان و دیمانەکانی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەوەزارەتەکەیدا ئیشی بکردایە ئێستا کێشەی شەهیدان و ئەنفالەکان لەکوردستان نەمابوو، ئەم خاتونە تەکنۆکراتە ڕۆژی پێنج شەممە2006\9\28 هەرچی پێیکرا کامێرا و کەناڵی ڕاگەیاندنی کوردستانی لەخۆی کۆکردەوە و ناوی لێنابوو کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی هەتا کۆمەڵێك هەرەشە بکات و ئێمەی ڕۆژنامەنووسان بەگێرەشێوێن وەسف بکات و ئینجا پاساو بۆ (ئەو زەللەی لیسانە) بێنێتەوە کە کەناڵەکان لەسەر زاری ئەو بڵاویان کردەوە و گوتبووی شەهیدانی هەڵەبجە بەسودفە شەهید بوون، خاتوو چنار کە من چاوەڕێم دەکرد داوای لێبووردن لە خەڵکی هەڵەبجە و لە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکات بۆ ئەو بۆچوونەی، کەچی هەموو ناوەرۆکی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەی بۆ ئەوەبوو جارێکی دیکە دوپاتی بکاتەوە کە شەهیدانی کیمیاباران شەهیدی سەنگەر نین و ئەگەر (4-5) کەس لەناو خێزانێکی هەڵەبجەدالەوکیمیابارانەی ساڵی 1988 دا شەهید نەبووبن ئەوا بەشەهیدی پلەدوو حساب دەکرێن (بەبیئەوەی ناوی پلەکە بهێنێت) کە بەداخەوە خاتوو چنار بۆ چەواشەکردنی خەڵکی گوتی شەهیدانی هەڵەبجە شەهیدی (ڕاستەقینەن) بەلام ناکرێت وەك شەهیدی سەنگەر حسابیان بۆ بکرێت. ئەم ریزبەندەی خاتو چنار بۆ شەهیدان پرسیاری ئەوە دەکات ئاخۆ کامیان لەپێشن، ئەو شەهیدانەی کە ڕژێمی بەعس کیمیابارانی کردن یان ئەوانەی لەشەری براکوژیدا بەپێی خۆیان چوون بۆ شەهادەت؟!

دەمەوێت وەکو هەڵەبجەییەك ئەو بەراوردە هەڵەیەی بۆ ڕاست بکەمەوە کە چەند جارێك خاتوو چنار لەنێوان شەهیدی سەنگەر و شەهیدی کیمیابارانی هەڵەبجەدا کردی، خاتو چنار دەبوو ڕێزی پۆستەکەی

بگرێت و خەڵکی بە ئەحمەق وگێرەشێوێن وەسف نەکات چونکە رەنگە لەلای من و زۆربەی خەڵکی تریش ئەوکەسە ئەحمەق بێت کە لەهیچ نەزانێت و لەهەموو شتێك قسە بکات، چونکە بەتەمەن لە خاتو چنار گەورەترم ئامۆژگاری دەکەم ئەوەندە بۆ رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندن قسە نەکات، باشتریش وایە نەچێتە ژێر پلان و ڕێنمایی هەندێك دەستوپێوەند کە لەراستیدا دەستوپێوەندی ئەو نین بەڵکو دەستوپێوەندی پۆست و کورسیەکەن کە ئەو لەسەری دادەنیشێت و ئەگەر وابڕوات پێناچێت زۆر لەسەری دابنیشێت،

(من نەمگوتوە خەڵکی هەڵەبجە شەهیدی سودفەن، ئەو کەسەی بەهەڵە لەمن تێگەیشتوە، ئەگەر زەللەی لیسانیش بوبێت ئەوا داوای لێبووردن لە خەڵکی هەڵەبجە دەکەم) مامۆستا چنار دەیتوانی بەم دێڕە کۆتایی بەو تەنگژەیە بێنێت کە خۆی تێخستوە و رەنگە کەسانێکیش ئەم وەزعەیان پێخۆش بێت کە ئێستا ئەم کچە شەهیدەی تێدایە، ئەو زمانەی لەکۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەیدا قسەی پێکرد، زمانی وەزیرێکی (تەکنۆکرات) نەبوو بەڵکو زمانی هەرەشە و چاوسوورکردنەوەیە و هەمووکەس لێی قبووڵ بکات رۆژنامەنووسان ایی قبووڵ ناکەن،

لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێی داوای لێبووردنی رۆژنامەنووسان بێت داوا لەخاتوو چنار دەکەم واز لە هەرەشە و پۆلێنکردن بێنێت و هەتا زووە بڕوات بۆ هەڵەبجە داوای لێبووردن لە خەڵکی ئەو شارەبکات و پێیان بڵێت هەموو کورد قەرزاری ئێوەیە و شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە سەرتۆپی شەهیدانی کوردستانن، دەبوو خاتو چنار قسەکانی سەرۆك بارزانی لەبیربوایە کاتێك لەهەڵەبجە لەبەردەم کۆلن پاولی وەزیری دەرەوەی بەهێزترین و گەورەترین وڵاتی دنیا گوتی (تەنها تاوانی کیمیابارانکردنی ئەم شارە بەسە بۆ رووخاندنی دەیان رژێمی وەك ڕژێمی سەددام) .

جەنابی وەزیر تۆ هێشتا خەڵکی هەڵەبجەت نەناسیوە و نازانیت خەڵکی ئەو شارە نەك هەمیشە لەسەنگەری رووبەڕووبونەوەی دوژمنانی کورد بوون، بەڵکو هەمیشە پشت و پەنا و لانکەی شۆڕشەکانی کورد بوون و هەر گیز قبووڵیان نەکردوە لەماڵەکانی خۆیاندا یان لەکاتی هەڵاتندا شەهید بن، داواکارم لەجیاتی هەرەشەکردن و کۆکردنەوەی کامێرا و کەناڵەکانی راگەیاندن بارەگای وەزارەتەکەت بگوازەرەوە بۆ شاری هەڵەبجە هەتا زیاتر لە موعاناتی کەسوکاری شەهید تێبگەیت و بزانیت کی شەهیدی سەنگەرە و کی شەهیدی پلەدووە، هەڵەبجە شاری شەهیدانە و خەڵکەکەشی پێویستیان نییە فێری جۆرەکانی شەهید و پلەی شەهیدانەیان بۆ بکات، ئەو قسەو لێدوانانەی لە وەزیر و وەزارەتەکەی خاتوو چنارەوە دەردەچێت هیچیان ئاماژە بۆ ئەوەناکەن کە شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە شەهیدی پلەیەك بن بەڵکو هەست دەکەم بەشەهیدی پلەدوو یان لەریزبەندی دووەمدا حساب دەکرێن کە ئەمەش کرۆکی مەسەلەکەیە لەلای من نەك ئەوەی بڵێت سودفەیە یان سودفەنییە چونکە هیچ کەس مافی ئەوە بە خاتوو چنار نادات بەئارەزووی خۆی بەناوکەوێت و تەقیمی شەهیدەکانیان بۆ بکات و بڕیاربدات خەڵکی هەڵەبجە چۆن مردن هەتا ئەگەر وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکانیش بێت.

Mariwan_na@yahoo. com